**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بـڕیـــار : ١٩**
**ڕۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٢/١/٢**

پـشت بـە حوکمـەکانی هـەردوو برگـەی (١) و (٥)ی مـاددەی (٥٦) لـە یاسـای ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ و ، لەسـەر داواکـاریی وەزیـری دارایی‌و ئـابووری و ڕەزامەنـدیی ئەنجومـەنی وەزیـران و ئـەو یاسـاکارییەش کـە ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێراق لـە دانیـشتنی ئاسـایی ژمـارە (٣١)ی ڕۆژی ٢٠٠١/١٢/٣١ یـدا ئـەنجامی داوەو ، بـە پێـی ئـەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا :

**یاسـای ژمـارە (١٩)ی سـاڵی ٢٠٠١**
**یاسـای بوجـەی سـاڵی (٢٠٠٢)ی هەرێمی کوردستانی عێـراق**

**ماددەی یەکـەم :**

١) بـۆ خەرجـە جارییـەکانی سـاڵی (٢٠٠٢)ی ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق و وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هەرێم چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی (٢٥٣٦٦٧٤٠٠٠) دینار و ( ١٨٠ ) هەزار دۆلاری ئەمریکییە :

أ. بـۆ ئەنجومـەنی نیـشتمانیی کوردسـتانی عێـراق چـەندین بـر پـارە دادەنـرێ سـەرجەمی (٣٨٢٥١٠٠٠) دینارو ( ١٨٠٠٠٠ ) دۆلاری ئەمریکییە .

ب. بۆ وەزارەتەکان و ئیدارەکانی هـەرێم چـەندین بـر یـارە دادەنـرێ سـەرجەمی (٢٤٩٨٤٢٣٠٠٠) دینارە .

٢) بـۆ بوجـەی سـاڵی (٢٠٠٢)ی کارگـەو سـەنعەتگاو دایـەرەو شـیرکەت و بانکـە بازرگانییـە خۆماڵدارکارەکان (ذات التمويـل الـذاتي) چـەندین بـڕ پـارە دادەنـرێ سەرجەمی ( ٣٩٧١٤٢٠٠٠ ) دینارە :

أ. بۆ کارگـە و سـەنعەتگا و دایـەرە و شـیرکەتەکان چـەندین بـڕ پـارە دادەنـرێ سـەرجەمی (٣٧٩٧٧٥٠٠٠) دینارە .

ب. بۆ بانکە بازرگانییەکان چەندین بڕ پارە دادەنرێ سەرجەمی ( ١٧٣٦٧٠٠٠ ) دینارە .

٣) بـۆ بوجـەی پلانـی سـاڵی (٢٠٠٢) چـەندین بـڕ پـارە دادەنـرێ سـەرجەمی (٣٨٨٢٢٤٠٠٠) دینارە.

٤) بۆ ناوچە کوردەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق هـەر ئـەو تەخصیصاتە دادەنرێ کە لە بوجەی ساڵی (١٩٩٧)ی هەرێمدا تەسدیق کراوە .

**ماددەی دووەم :**

داهاتی ساڵی (٢٠٠٢)ی هەرێمی کوردستانی عێراق بە چەندین بڕ پارە دەخـەملێنرێ سـەرجەمی (١٨٢٨٠٤٥٩٨٢) دینـارە .

**ماددەی سێیەم :**

ئـــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــوردستان
www.mojkurdistan.com

وەزارەتی دارایی‌و ئابووری هـەرێمی کوردسـتانی عێـراق ، بـە پێـی مـەواردی دارایـی بەردەسـت (المتاحە) حساباتی وەزارەتەکان و ئیدارەکان پارەدار دەکات .

**ماددەی چوارەم :**

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە لە چوارچێوەی بوجەکـەی خۆیـدا موناقەلە بکات .

**ماددەی پێنجەم :**

دەسەڵات دەدرێ بە وزیری دارایی‌و ئـابووری لـەناو ئیعتیمـاداتی هـەر بابێکدا موناقەلـە بکـات ، (تەنیا فەصلی مووچە نەبێ کە دەشێ بۆی نەقڵ بکرێ‌و لێی نەقڵ نەکرێ) .

**ماددەی شەشەم :**

وەزیری دارایی‌و ئابووری بۆی هەیە کـە موناقەلـە لـە نێـوان ئیعتیمادەکـانی ئـەبوابی بوجەکـەدا بکات بە مەبەسـتی ئـەوەی توانسـتی خـەرج و سـەرف بـۆ ئـەو ئیدارانـە فەراهـەم بکـات کـە لـە وەزارەتێکەوە دادەبڕێن و دەلکێنرێن بە وەزارەتێکی دیکەوە .

**ماددەی حەوتەم :**

دەسەڵات دەدرێ بە وەزیری دارایی‌و ئابووری کە سەرجەمی ئیعتمـاداتی تەسـدیقکراوی بوجـەی ساڵی (٢٠٠٢) بـە رێـژەی ( ١٪ ) لـە سـەرجەمی ئیعتیمـاداتی تەسـدیقکراوی بوجەکـە ، بـۆ ئـەم مەبەستانەی خوارەوە زیاد بکات .

١. ئیعتیمادکردنی بڕە پارەی پێویست بۆ ئیدارە تازە دانراوەکان لە ماوەی ئەو ساڵەدا .
٢. زیادە ئیعتیمادکردنی نوێ بۆ بوجەکانی وەزارەتەکان و ئیـدارەکان لـە کـاتی ناکـاودا کـە ئەمەش ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات .

**ماددەی هەشتەم :**

وەزارەتی دارایـی‌و ئـابووری ، لەبـەر رۆشـنایی کولفـەی مووچـە تەسـدیقکراوەکانی بوجەکـەدا ، موفرەداتی میلاکەکانی هەموو وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی (٢٠٠٢) ئامادە دەکات و تەسدیقی دەکات.

**ماددەی نویەم :**

دەسەڵات دەدرێ بە وەزیری دارایی‌و ئابووری کە لە ماوەیەکدا ، لە دوو هەفتە نەترازێ ـ کـە لـە رۆژی دەرهێنانی ئەم یاسایەوە دەست پێ دەکات ـ رێنمایی پێویست بـۆ دیـارکردنی دەسـەڵاتی سەرف بۆ ئیدارە حکومییەکان دەربکات .

**ماددەی دەیەم :**

وەزیری دارایی‌و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ساناکردنی بەرکارخـستنی حوکمـەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ .

**ماددەی یازدە :**

ئـەم یاسـایە لـە رۆژی ٢٠٠٢/١/١ وەوە دەخرێتـە بـەرکارو ، لـە (وەقـایعی کوردسـتان) دا بـڵاو دەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـوری شـاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجـومـەنی نیشـتمانیی کوردسـتانی عێـراق**

ئــــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان
www.mojkurdistan.com